سوره 35: فاطر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الْحَمْدُ لِلَّهِ فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ جَاعِلِ الْمَلَائِكَةِ رُسُلًا أُولِي أَجْنِحَةٍ مَّثْنَى وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ يَزِيدُ فِي الْخَلْقِ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (1)

سوپاس و ستایش بۆ خوایەکەبەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە، فریشتەکانی کردووەبەفرستادەی خۆی و باڵداریشن، هەیانەدوو، یان سێ، یان چوار باڵە، لەدروستکردندا هەرچی بویێت زیادی دەکات (لەژمارەی فریشتەکان، لەئەستێرەو هەسارەکان، لەئادەمیزادو پەری...هتد) بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلَا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُ مِن بَعْدِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (2)

(هەرکاتێك) خوا دەروازەی ڕەحمەت و بەخششی خۆی لەخەڵکی بکاتەوە، هیچ کەس و هیچ شتێك ناتوانێت بەری بگرێت، وەهەر کاتێکیش بیگرێتەوەو دایخات کەس ناتوانێت بێجگەلەو بیکاتەوە، ئەو زاتەهەر خۆی بەدەسەڵات و دانایە.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ اذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ هَلْ مِنْ خَالِقٍ غَيْرُ اللَّهِ يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ (3)

ئەی خەڵکینەبیر بکەنەوەلەچاکەی خوا بەسەرتانەوە، ئایا جگەلەخوا دروستکارو بەدیهێنەری تر هەیەلەئاسمان و زەویدا ڕزق و ڕۆزیتان پێ ببەخشێت، (ئاشکرایە) کەجگەلەو زاتەخوایەکی تر نیە، ئیتر چۆن لەو بیرو باوەڕەدروستەلادەدەن؟ (پاشان دڵخۆشی پێغەمبەر دەداتەوەو دەفەرموێت: ئەگەر ئەمانەتۆ بەدرۆ دەخەنەوە، ئەوەدڵنیا بەکەپێغەمبەرانی تریش پێش تۆ بەدرۆ خراونەتەوە، بەڵام (خەمت

نەبێت) سەرئەنجامی هەموو كارێك بۆلای خوا دەگەڕێتەوەو (ئەوانەلەدەستی دەرناچن).

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَتْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الأمُورُ (4)

خۆ ئەگەر (خوانەناسان) تۆ (ئەی محمد صلی اللهعليهوسلم) بەدرۆ بخەنەوە(ئەوەغەمگین مەبە) چونكەپێغەمبەرانێك پێش تۆ (لەلایەن ئەو جۆرەكەسانەوە) بەدرۆ خراونەتەوە، دڵنیاش بەكەسەرئەنجامی هەموو شتێك بۆلای خوا دەگەڕێتەوە.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ (5)

ئەی خەڵكینەدڵنیابن كەبەڵێنی خوا ڕاست و دروستە(قیامەت بەرپا دەكات و لەهەموو كەس دەپرسێتەوە) نەكەن ژیانی دنیا سەرتان لێ بشێوێنێت و شەیتان غەڕاو سەرگەردانتان بكات.

إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ (6)

(چونكە) بەراستی شەیتان دوژمنتانەئێوەش بەدوژمنی خۆتانی دانێن، چونكەهەمیشەبانگی تاقم و دارودەستەی خۆی دەكات تا ببنەنیشتەجێی دۆزەخ.

الَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ (7)

بێگومان ئەوانەی كەكافرو بێ بڕوان سزای زۆر پڕ ئێش و ئازار چاوەڕێیانە، ئەوانەش كەباوەڕیان هێناوەو كردەوەی چاكیان ئەنجام داوەلێخۆشبوون و پاداشتی پیرۆزو بەڕێز چاوەڕێیانەو بۆیان ئامادەیە.

أَفَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ فَرَآهُ حَسَنًا فَإِنَّ اللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَاءُ وَيَهْدِي مَن يَشَاءُ فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (8)

ئایا ئەو کەسەی کەکردەوەناشرینەکانی بۆ ڕازێنراوەتەوەو بەجوان و چاك دەیبینێت؟! (وەك ئەو کەسەوایەکەپێوەری خوایی پێیەبۆ چاکەو خراپە)؟ بەڕاستی خوا بیەوێ هەرکەس گومڕا بکات دەیکات، وەهەرکەسێ هیدایەت بدات دەیدات، (ئەڵبەتەنەك بەشیوەی گۆترەکاری و هەڕەمەکی) کەواتەتۆ بەخەفەتیانەوەخۆت مەفەوتێنە، (چونکەبەڕاستی خوا زۆر ئاگاو زانایەبەو کارو کردەوانەی کەئەنجامی دەدەن).

وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَى بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَلِكَ النُّشُورُ (9)

خوا ئەو زاتەیەکەبای ڕەحمەت دەنێرێت و هەڵمی دەریاکانی پێ دەگوێزێتەوەو دەیکاتەهەور، زەوی مردووی پێ پاراو دەکات، (وەدەفەرموێت): پاشان ئەو زەویەمان پێ زیندوو کردەوەدوای ئەوەی کەمردبوو، زیندووکردنەوەی (ئێوەش) بەو شێوەیەدەبێت.

مَن كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعًا إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ وَالْعَمَلُ الصَّالِحُ يَرْفَعُهُ وَالَّذِينَ يَمْكُرُونَ السَّيِّئَاتِ لَهُمْ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَكْرُ أُوْلَئِكَ هُوَ يَبُورُ (10)

ئەوەی کەسەربەرزی و پایەبڵندی دەوێت (با بزانێت) کەهەموو سەربەرزیی و پایەبڵندیەك شایستەی خوایەو هەر ئەویش دەیبەخشێت، گوفتاری چاك و جوان و بەجێ بۆلای ئەو بەرز دەبێتەوە، کار وکردەوەی چاکیش هەر ئەو بەرزی دەکاتەوە، جا ئەوانەی کەپیلانی خراپ دەگێڕن سزای زۆر توندوتیژ بۆیان ئامادەیە، بێگومان پیلانی ئەوانەهەر خوا خۆی پووچی دەکاتەوە.

وَاللَّهُ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ جَعَلَكُمْ أَزْوَاجًا وَمَا تَحْمِلُ مِنْ أُنثَى وَلَا تَضَعُ إِلَّا بِعِلْمِهِ وَمَا يُعَمَّرُ مِن مُّعَمَّرٍ وَلَا يُنقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ إِنَّ ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ (11)

خوا ئێوەی لەخاك دروست کردووە، لەوەودواش لەنوتفەیەك (کەبریتیەلەبەیەکگەیشتنی سەرەمێکوتەیەك لەگەڵ هێلکۆکەیەکدا)

لەوەودوا كردوونی بەجووت (بەنێرو مێ)، هیچ مێینەیەك ئاوس نابێت و نازێت و (سكەكەی) دانانێت بەبێ ئاگاداری ئەو زاتە، هیچ تەمەن درێژێك، تەمەنی درێژ نابێت و لەتەمەنی كەمنابێتەوە، كەیاداشت نەكرابێت لەكتێبێكدا، بێگومان ئەو شتانەلای خوا زۆر ئاسانە.

وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَمِن كُلٍّ تَأْكُلُونَ لَحْمًا طَرِيًّا وَتَسْتَخْرِجُونَ حِلْيَةً تَلْبَسُونَهَا وَتَرَى الْفُلْكَ فِيهِ مَوَاخِرَ لِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (12)

هەردوو جۆر دەریا وەكو یەک نین، یەكێكیان ئاوی سازگارو خۆش، ئەوی تریان سوێرو تاڵ، لەهەردووكیان گۆشتی تەڕو تازەدەخۆن، جۆرەها شتی گرانبەها (وەک گەورهەرو مرواری و یاقووت...هتد) دەردێنن و لەبەری دەكەن و خۆتانی پێ دەڕازێننەوە، ئینجا كەشتییەكان دەبینیت ئاوەكەلەتدەكەن و (بەئاسانی پیا دەڕۆن) تا لەبەخششەكانی پەروەردگار بەهرەوەر ببن، بەڵكو سوپاسگوزاریش بن.

يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ لَهُ الْمُلْكُ وَالَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِهِ مَا يَمْلِكُونَ مِن قِطْمِيرٍ (13)

(هەر خوایەكە): شەو تێهەڵكێشی ڕۆژ دەكات، ڕۆژیش تێهەڵكێشی شەو دەكات، خۆرو مانگی ڕامهێناوەهەریەكەیان تا كاتێكی دیاریكراو لەسوڕانەوەدایە، ئا ئەو خوایەپەروەردگارتانەخاوەنی هەموو موڵک و بەدیهاتووەكانە، (بەڵام) ئەوانەی جگەلەهاناو هاواری بۆ دەبەن و لێی دەپاڕێنەوەتەنانەت خاوەنی توێكڵەتەنكەكەی دەوری ناوكی خورماش نین.

إِن تَدْعُوهُمْ لَا يَسْمَعُوا دُعَاءَكُمْ وَلَوْ سَمِعُوا مَا اسْتَجَابُوا لَكُمْ وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يَكْفُرُونَ بِشِرْكِكُمْ وَلَا يُنَبِّئُكَ مِثْلُ خَبِيرٍ (14)

خۆ ئەگەر هاناو هاواریان بۆ بەرن گوێیان لێتان نیەو نایبیسن، ئەگەر بشبیسن بەدەمتانەوەنایەن، ڕۆژی قیامەتیش حاشا دەكەن لێتان و لەوەی

کەبە(خواتان) زانیون، بێگومان کەس نیەوەک (خوا) ئاگاو زانابێت، وەهەواڵی ڕاست و دروست بگەیەنێت.

يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَنتُمُ الْفُقَرَاء إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ (15)

ئەی خەڵکینەئێوەهەژارو نەدارن و هەمیشەئاتاجی خوان، (لەهەموو کاتو شوێنێکدا، وەبۆ هەموو شتێک) هەر تەنها خوایەکەبێ نیازەو شایانی سوپاسە.

إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ جَدِيدٍ (16)

ئەگەر بیەوێ ئێوەلەناو دەبات و کەسانی تر سەرلەنوێ دێنێتەکایەوە.

وَمَا ذَلِكَ عَلَى اللَّهِ بِعَزِيزٍ (17)

ئەمەش بۆ خوا کارێکی زۆر ئاسانەو (ئەنجامدانی هیچی پێ ناچێت).

وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَى حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى إِنَّمَا تُنذِرُ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَمَن تَزَكَّى فَإِنَّمَا يَتَزَكَّى لِنَفْسِهِ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ (18)

هیچ گوناهبارێك گوناهی کەسانی تر هەڵناگرێت (لەقیامەتیشدا) ئەگەر بارگرانێك (گوناهبارێك) هاوار لەکەسێک بکات تا باری سەرشانی سوک بکات هیچ باری سوک ناکات هەتا ئەگەر خزمیشی بێت (جا تۆ ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) تەنها ئەوانەبێدار دەکەیتەوەکەلەپەروەردگاریان دەترسن لەغەیب و پەنهانیدا وەنوێژەکانیان بەچاکی ئەنجام دەدەن، ئەوسا ئەوەی دڵ و دەرون و گوفتارو کردەوەی خۆی پاک بکاتەوە، ئەوەسوودەکەی بۆ خۆیەتی، گەڕانەوەو سەرئەنجامیش بۆلای خوای گەورەیە.

وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ (19)

(ئاشکرایەکە) کوێرو چاوساغ وەک یەک نین.

وَلَا الظُّلُمَاتُ وَلَا النُّورُ (20)

تاریکییەکان و ڕوناکیش (چوون یەک نین).

وَلَا الظِّلُّ وَلَا الْحَرُورُ (21)

وەسێبەرو خۆرەتاویش (وەک یەک نین).

وَمَا يَسْتَوِي الْأَحْيَاء وَلَا الْأَمْوَاتُ إِنَّ اللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَاءُ وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ (22)

زیندوان و مردوانیش (هاوتای یەک نین).

بێگومان خوا (ڕاستی دەدات) بەگوێی هەر کەسێکدا کەبیەوێت بەڵام تۆ (ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) ناتوانیت (پەیامەکەت) بگەیەنیت بەو کەسانەی کەلەناو گۆڕدان (مەبەست کافرانەکەوەك مردوو نابیسن، وەئەگەر بشبیسن سوودی لێ وەرناگرن).

إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ (23)

بەڵکو تۆ (ئەی پێغەمبەر) تەنها بێدارکەرەوەو ترسێنەری (خوانەناسانیت).

إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ بِالْحَقِّ بَشِيرًا وَنَذِيرًا وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خلَا فِيهَا نَذِيرٌ (24)

ئێمەتۆمان ڕەوانەکردووەبەحەق و ڕاستیەکی تەواوەوە، تۆ مژدەدەری (ئیماندارانیت)، ترسێنەری (بێ بڕواکانیت) هیچ گەل و نەتەوەیەکیش نەبووەکەفرستادەو بێدارکەرەوەیەکی بۆ ڕەوانەنەکرابێت.

وَإِن يُكَذِّبُوكَ فَقَدْ كَذَّبَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ جَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ وَبِالزُّبُرِ وَبِالْكِتَابِ الْمُنِيرِ (25)

خۆ ئەگەر تۆ (ئەی محمد صلی اللهعلیەوسلم) بەدرۆبخەنەوەئەوە(دڵت لەخۆت دانەمێنێت) ئەوانەی پێش ئەمانیش (هەر هەڵوێستیان وابووە، پێغەمبەرانیان) بەدرۆخستۆتەوە(هەرچەندە) پێغەمبەرەکانیان

بە(معجزة)و بەڵگەی بەهێزەوە، بەپەیام و کتێبی ڕوون و ئاشکراوەبۆیان ڕەوانەکرابوون.

ثُمَّ أَخَذْتُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَكَيْفَ كَانَ نَكِيرِ (26)

لەوەدوا کافرو بێ بڕواکانم گرت و لەناوم بردن (سەرنج بدەو بڕوانە) چ بەڵایەکم بەسەرهێنان.

أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ ثَمَرَاتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَانُهَا وَمِنَ الْجِبَالِ جُدَدٌ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ (27)

ئایا نابینی کەخوا لەئاسمانەوەباران دەبارێنێ، وەبەو بارانەجۆرەها بەروبومی جیاوازمان دەرهێنا کە(ڕەنگیان، قەبارەیان، تامیان، بۆنیان، شێوەیان، شوێنیان، وەرزیان) جیاوازە.. (هەروەها) کەژو کێوەکانمان بەزنجیرەکێشاوە، هەیانەچین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورەو ئەوانیش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانەڕەشێکی تاریك و تۆخە..

وَمِنَ النَّاسِ وَالدَّوَابِّ وَالْأَنْعَامِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُ كَذَلِكَ إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاء إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ غَفُورٌ (28)

(هەروەها) لەخەڵکیش، لەگیانداران و ماڵاتیش، جۆرەها ڕەنگ و شێوەو (قەبارەی جیاواز) هەیە. بەڕاستی زاناکان (پەی بەو نهێنیانەدەبەن و لەناو بەندەکانی خوادا هەر ئەوان لەخوا دەترسن (لەسەردەمی عیلم و زانستیدا ئەم ڕاستییەڕوونەچونکەزاناو پسپۆران کاتێ وردەکاری بەدیهێنراوان پەی پێ دەبەن، زۆر هەست بەگەورەیی و دەسەڵاتی خوا دەکەن)، بەڕاستی ئەو خوایەباڵادەستەو، زۆریش لێخۆشبووە(کاتێك کەخەڵکی ڕووی تێدەکەن و باوەڕی پێ دێنن).

إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَّن تَبُورَ (29)

بەڕاستی ئەوانەی کەپەیامی خوا (قورئان) دەور دەکەنەوەو نوێژەکانیان بەچاکیی ئەنجام دەدەن، وەلەو ڕزق و ڕۆزی و سامانەجۆراوجۆرانەی

کەپێمان بەخشیون، دەبەخشن بەنهێنی و بەئاشکرا.. (کەبەخششینی زانستی و یەرمەتی خەڵکی بەجەستەش دەگرێتەوە) بەنهێنی (بۆ ئەوەی ڕیاو ڕووپامایی تێکەڵ نەبێت)، بەئاشکراش (بۆ هاندانی خەڵکی ئەوانەبەئومێدی بازرگانییەك ئەو کارەدەکەن کەهەرگیز نائومێدو زەرەرمەند نابن.

لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ (30)

(خوای میهرەبانێش) وەفا دەکات بەبەخشینی پاداشت بۆیان و لەخەلات و بەخششی زیاتریش بەهرەمەندیان دەکات، بەڕاستی ئەو خوایەزۆر زۆر لێخۆشبووەو زۆریش سوپاسگوزارە..

وَالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ هُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ إِنَّ اللَّهَ بِعِبَادِهِ لَخَبِيرٌ بَصِيرٌ (31)

(ئەی پێغەمبەر صلی اللهعلیەوسلم) ئەوەی کەبەوەحی و نیگا بۆمان ڕەوانەکردیت لەم قورئانە، ئەوەحەق و ڕاستییەو پشتگیری کتێبەپێشوەکانێشە، بەڕاستی خوا زۆر ئاگاو بینایەبەبەندەکانی.

ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ (32)

پاشان کەسانیکمان کردەخاوەن و ڕاگەیەنەری ئەم قورئانەکەهەڵمان بژاردوون لەبەندەکانمان، هەیانەستەمی لەخۆی کردووە(چاکەی کەمەو گوناهی زۆرە)، هەشیانەمام ناوەندییە، هەشیانەزۆر گەرم و گوڕەکەچاکەکاریدا بەویست و (یارمەتی) خوا، (ئا ئەو هەڵبژاردنەو ئەو گەرم و گوڕییەلەچاکەکاریدا) ڕێزو خەلاتێکی زۆر گەورەیە..

جَنَّاتُ عَدْنٍ يَدْخُلُونَهَا يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ (33)

(ئەو بەختەوەرانەلەپاداشتی ئەو هەوڵ و کۆششانەیاندا) دەچنەباخەکانی بەهەشتی (عدن)ەوە، لەوێ دەستبەندی ئاڵتون و مرواری دەکەنەدەستیان، پۆشاکیشیان لەو بەهەشتەدا ئاوریشمە.

وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنَّا الْحَزَنَ إِنَّ رَبَّنَا لَغَفُورٌ شَكُورٌ (34)

(ئینجا هەموان لەخۆشیدا) دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کەهەرچی غەم و پەژارەیەلەدڵ و دەروونی دەرکردین، بەڕاستی پەروەردگارمان زۆر لێخۆشبوو و سوپاسگوزارە.

الَّذِي أَحَلَّنَا دَارَ الْمُقَامَةِ مِن فَضْلِهِ لَا يَمَسُّنَا فِيهَا نَصَبٌ وَلَا يَمَسُّنَا فِيهَا لُغُوبٌ (35)

ئەو خوایەی کەجێنشینی کردین لەماڵی هەمیشەییدا بەبەخشش و ڕێزی تایبەتی خۆی ئیتر هیچ نەخۆشی و ناخۆشییەك توخنمان ناکەوێت هیچ ئازارو ئێشێکی دەروونی نزیکمان ناکەوێت.

وَالَّذِينَ كَفَرُوا لَهُمْ نَارُ جَهَنَّمَ لَا يُقْضَى عَلَيْهِمْ فَيَمُوتُوا وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَلِكَ نَجْزِي كُلَّ كَفُورٍ (36)

(لەولاشەوە) ئەوانەی کەکافرو بێ باوەڕ بوون دۆزەخ بۆیان ئامادەیە، بڕیاری لەناوچونیان نادرێ (تا ڕزگاریان ببێت!!) تەنانەت بەشی لەسزاکەش لەسەریان کەم ناکرێتەوە، ئا بەو شێوەیەهەموو کافرو بێدینەسەرسەختەکان سزا دەدرێن و تۆڵەیان لێ دەستێنین.

وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ (37)

ئەوانەگریەو زاری و هاوارو قیژەو ناڵەیان لەناو دۆزەخدا لێ بەرز دەبێتەوەو (بەکەساسییەوەدەڵێن) پەروەردگارا: دەرمان بێنەو ڕزگارمان بکەلەم حاڵە(مەرج بێت) کارو کردەوەی چاك ئەنجام بدەین، نەك ئەوەی کەجاران دەرمانکرد، (لەوەڵامیاندا خوا دەفەرموێت) مەگەر تەمەنێکمان پێ نەبەخشین، ئەوەی دەیویست یادێ بکات و بیرێك بکاتەوە(مەگەر

مۆڵەتمان نەدا)، بێدارکەرەوەشمان بۆ ڕەوانەنەکردن، (دیارەکەهەموویان خەجاڵەت و سەرشۆڕ دەبن و قسەیان نامێنێت، بۆیەپێیان دەوترێت): دەبجێژن (سزای سەختی دۆزەخ) بێگومان پشتیوانێکیش نیەبەرگری لەستەمکاران بکات.

إِنَّ اللَّهَ عَالِمُ غَيْبِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (38)

بەڕاستی خوا زاناو شارەزای نهێنییەکانی ئاسمانەکان و زەویە، بەڕاستی ئەو زاتەزۆر زانایەبەوەی کەلەسینەو دڵ و دەروونەکاندا حەشاردراوە..

هُوَ الَّذِي جَعَلَكُمْ خَلَائِفَ فِي الْأَرْضِ فَمَن كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ إِلَّا مَقْتًا وَلَا يَزِيدُ الْكَافِرِينَ كُفْرُهُمْ إِلَّا خَسَارًا (39)

هەر ئەو زاتەئێوەی کردەجێنشین لەزەویدا، جا ئەوەی کەکافرو بێ بڕوا بێت، ئەوەکافربوونەکەی لەسەری دەکەوێت، بێباوەڕیی کافران، هیچیان لای پەروەردگاریان بۆ زیاد ناکات، جگەلەخەشم و قینی خوا لێیان، خوانەناسیی کافران هیچ دەستکەوتێکی نیەجگەلەخەسارەت مەندیی و زەرەرمەندیی (نەبڕاوە).

قُلْ أَرَأَيْتُمْ شُرَكَاءكُمُ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ أَرُونِي مَاذَا خَلَقُوا مِنَ الْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِي السَّمَاوَاتِ أَمْ آتَيْنَاهُمْ كِتَابًا فَهُمْ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّنْهُ بَلْ إِن يَعِدُ الظَّالِمُونَ بَعْضُهُم بَعْضًا إِلَّا غُرُورًا (40)

(ئەی پێغەمبەر صلى اللهعلیەوسلم پێیان) بڵێ: هەواڵم بدەنێ دەربارەی ئەو شتانەی کردووتانەبەهاوەڵ (بۆ خوا) و هاناو هاواریان بۆ دەبەن، پیشانم بدەن کام شوێنی زەوییان دروستکردووە، ئایا بەشدارییەکیان هەیەلەگەڵ خوادا لەدروستکردنی ئاسمانەکاندا!! یاخود کتێبێکمان پێ بەخشیون تا دڵنیابن (لا هاوکاریی بتەکان)!! بەڵکو ستەمکاران هەر بەڵێنی نادروست و بیروباوەڕی نابەجێ دەدەن بەگوێی یەکتردا.

إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ أَن تَزُولَا وَلَئِن زَالَتَا إِنْ أَمْسَكَهُمَا مِنْ أَحَدٍ مِّن بَعْدِهِ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (41)

بەڕاستی هەر خوایەکەئاسمانەکان و زەوی ڕاگرتووەو نایەڵێت تێك بچن و لەیەك بترازێن، خۆ ئەگەر تێك بچن و لەیەك بترازێن، کێ دەتوانێت جگەلەو زاتەهەمیشەو بەردەوام خۆگرو ئارامگرو لێخۆشبووە.

وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَئِن جَاءهُمْ نَذِيرٌ لَّيَكُونُنَّ أَهْدَى مِنْ إِحْدَى الْأُمَمِ فَلَمَّا جَاءهُمْ نَذِيرٌ مَّا زَادَهُمْ إِلَّا نُفُورًا (42)

ئەو (کافرو هاوەڵپەرستانەی قوڕەیش) زۆر بەگەرمیی بەخوا سوێندیان دەخواردو دەیانگوت: ئەگەر (پێغەمبەرێکی) بێدارکەرەوەبۆیان بێت لەهەموو گەلانی تر باوەڕدارتر دەبن، کەچی کاتێ کەپێغەمبەرێکیان بۆ ڕەوانەکرا لەسەرکەشی و دوورەپەرێزی زیاتر هیچی تریان لێ نەوەشایەوە.

اسْتِكْبَارًا فِي الْأَرْضِ وَمَكْرَ السَّيِّئِ وَلَا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ الْأَوَّلِينَ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَبْدِيلًا وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ اللَّهِ تَحْوِيلًا (43)

چونکەخۆیان بەگەورەو زل زانی لەزەویداو پیلانی شەڕو تاوانیان کێشا، (بەمەرجێك) پیلانی شەڕو تاوان (هەمیشە) بەسەر ئەواندا دەشکێتەوەکەنەخشەی بۆ دەکێشن، مەگەر ئەمانە(بەدژایەتی ئیسلام) تەنها چاوەڕێی ئەو کارەساتانەبکەن کەبەسەر گەلانی پێش ئەماندا هاتووە، (کاتێ کەبڕوایان بەپێغەمبەران نەهێناوە، لەناوبران) ئیتر تۆ نابینیت هەرگیز لەیاساو بەرنامەکانی خوادا گۆڕانکاری پێش بێت، هەرگیز نابینیت یاساو بەرنامەکانی خوا لەنەخشەی خۆیان لابدەن (کەبەشێکی ڕیسوا کردنی پیلان گێڕانە).

أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَكَانُوا أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُعْجِزَهُ مِن شَيْءٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَلَا فِي الْأَرْضِ إِنَّهُ كَانَ عَلِيمًا قَدِيرًا (44)

ئایا ئەوەناگەڕێن بەزەویدا، تا سەرنج بدەن و تەماشا بکەن، چۆن بوو سەرئەنجامی (گەلانی) پێش ئەمان و چیمان بەسەر هێنان، ئەوانەهێزو

دەسەڵاتیان لەمان زیاتر بوو، وەنەبێ خوا هیچ شتێکی لەدەست دەربچێت لەئاسمانەکان، یان لەزەویدا، چونکەبەڕاستیی ئەو زاتەزۆر زانایەو زۆریش بەدەسەڵات و بەتوانایە.

وَلَوْ يُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِمَا كَسَبُوا مَا تَرَكَ عَلَى ظَهْرِهَا مِن دَابَّةٍ وَلَكِن يُؤَخِّرُهُمْ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِعِبَادِهِ بَصِيرًا (45)

خۆ ئەگەر خوا تۆڵەلەخەڵکی بسێنێت لەسەرئەنجامی کارو کردەوەی (نادروستیاندا) هەرچی زیندەوەر هەیەلەسەر ڕووکاری زەوی نەدەما، بەڵام (خوا ئەوەندەبەپەلەنیەلەتۆڵەسەندن) بەڵکو دوایان دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو، جا هەرکاتێک وەخت و ڕۆژی خۆی هات، بێگومان ئەو کاتەخوا زۆر بینایەبەبەندەکانی (کارو کردەوەیانی هەمو لەبەردەستایە).